بە دە یاریزانەوە ئیتیحاد بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە شورتی بردەوە

لە میان یارییەکانی هەفتەی سێیەمی چامپیۆنزلیگی ئاسیا یانەی شورتەی عەراقی میوانداری لە ئیتیحادی سعودی کرد.

لە گەمی یەکەم لە خولەکی پێنج بەسام شاکر توانی گۆڵی یەکەم بە شورتە تۆماربکات.

دواتر لە خولەکەکانی 17 و 29 دیابی و فابینیە دوو گۆڵی یەک لە دوای یەکیان بە ئیتیحاد تۆمارکرد.

دەرئەنجام گەمی یەکەم بەم ئەنجامە واتە بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لەبەرژەوەندی یانە سعودییەکە کۆتایی هات.

لە نیوەی دووەمدا ناوبژیوان دانیلە پەرەرای لە یانە ئیتیحاد بە کارتی سوور کردە دەرەوە، بەڵام شورتە نەیان توانی سوود لە کەمبوونەوەی یاریزانەکانی تیپی بەرامبەر وەربگرن بەجۆرێک لە خولەکەکانی 60 و 76 حوسام عەوار توانی دوو گۆڵیتر بە ئیتیحاد تۆماربکات.

دەرئەنجام یارییەکە بە چوار گەڕ بەرامبەر بە گەڵێک لە بەرژەوەندی ئیتیحادی سعودی کەتایی هات و یەکەم بردنەوەیان لەم وەرزەی پاڵەوانەتییەکە بەدەست هێنا و شورتەش بەم شکستە خاڵکانی وەک خۆی ماوەیە و بە جۆرێک تەنها یەک خاڵی هەیە و لە پلەی 11ی ریزبەندیدایە.